

# چاوچنۆكی چۆن ژن و مێردێكی لە ناوبرد؟

**كۆچی دوایی هاوڕێی تەمەن**

(نوری) كە خاوەن سێ كچ و دوو كوڕ بوو، وەختێك توانیبووی بگاتە ئاستێكی باشی دارایی ، تەمەنی گەیشتبووە نزیكەی چل ساڵ ، هەر دوو كوڕەكەی بەهۆی مامەكانیانەوە، چووبوونە ئەورووپا، بەڵام لە سێ كچەكەی كە ناویان (شارا، تارا، ئارا) بوون، (ئارا) یان كە كچە گەورەكەی بوو، شووی كردبوو، لە ماڵ و حاڵی خۆیدا دەژیا، بەڵام (شارا و تارا) هێشتا هەر لای باوكیان بوون ژیانێكی خۆش و پڕ تەبایی دەژیان، خێزانێكی بەختەوەر و ئارام بوون، لە رووی داراییشەوە(نوری) توانیبووی سەرمایەكی باش لە خانوو و زەوی بۆ خۆی پێكبهێنێ، تاكە گرفتێكیان ئەگەر هەبوو بێت نەخۆشی دایكان بوو، دایكیان دەمێك بوو دەردەداری نەخۆشییەك بوو كە پزیشكەكان نەیاندەزانی چییەتی؟ ئەو ژنە پزیشك نەما سەردانی نەكات بەڵام رۆژ بە رۆژیش لە كورتی دەدا و باری تەندروستی بەرەو خراپتر دەڕۆیشت، (نوری) لە بایەخپێدان درێغی نەدەكرد، هەروا كچەكانیش بەردەوام خزمەتیان دەكرد و نازیان دەكێشا، ئەگەر چی،(نوری) بۆ ماوەی ساڵێكیش تامی ژیانی هاوسەرێتی، بەمانای سەرجێكردنی نەكردبوو، بەڵام قەت رۆژێك لە رۆژانیش پرتە پرتە و بۆڵە بۆڵی نەكرد، چونكە ئەو دەیزانی ئەو ژنە كاتی خۆی چەند پشتی گرتووە، چەند هاوكاری كردووە و چی هەبوو لە زێڕ و خشڵ هەمووی داوەتە دەستی هەر بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر پێی خۆی بووەستێ و بتوانێ كاروكاسبییەك بكات خێری بۆ خۆی و خێزانەكەی هەبێت، ئەو سەروەت و سامانەی ئەو ئەورۆكە پێكیهێناوە ئەگەر بە پاڵپشتی راستەوخۆی ئەو ژنە نەبوایە هەرگیز نەیدەتوانی بگاتە ئەو رۆژە( نوری) هەمیشە ئەمانەی لەبەرچاوبوو، بۆیە هیچ بێزارییەكی دەر نەدەبڕی ژنەكەی ئەمەی دەزانی، بۆیە هەموو جارێ پێیدەگوت: (نوری) تۆ هێشتا گەنجی و لەسەر تاقەت و شەنگی خۆتی، منیش ئەوە بە خۆت دەزانی خودا نەخۆشییەكی كردووتە قسمەت، نەكەس سەری لێ دەردەكات، نە چاكیش دەبمەوە وەكو هەر ژنێكی تر، بتوانم ئەركی هاوسەرێتی خۆم جێبەجێ بكەم، كە ئەو قسانەی دەكرد(نوری) تۆزێك رادەما و دەچووە لای ژنەكەی و پێی دەگوت: ئافرەت خۆزگە تۆ چاك دەبوویتەوە، ئەوی تر شتی ئەو تۆ نین، تەنانەت هەر جێی باسكردنیش نین.

بەڵام(نوری) هەرگیز چاوەڕێی ئەو رۆژەی نەدەكرد، وەك ئەو بەیانییە روویدا، كاتێك دەورووبەری كاتژمێر حەوتی بەیانی بوو، لەگەڵ قیژەو هاواری (شارا)ی كچی هەموو بە ئاگاهاتن، جۆری هاور و ناڵەی (شارا) هی ئەوەبوو بزانن كە كارەساتەكە ئیتر روویدا، ئەو بەیانییە ژنێك



دوای چەندین ساڵ ژیانی هاوسەرێتی و بە دەردی نەخۆشییەکی کوشندەوە گیانی بەخاک سپارد.

## پێکهێنانی ژیانێکی نوێ

دوای ئەوەی (نوری) هەردوو کوڕەکەی لە مردنی دایکیان ئاگادارکردەوە ئەوانیش هەر بۆ ڕۆژی دوایی بە فڕۆکە گەڕانەوە بۆ ئەوەی بە بەخاک سـپاردنی دایکیان ئامادەبـن، باوکیان بـە مردنی دایکیان تەواو شـپرزە و نیگەران و خەمبار بوو، کابرا کۆسـتی کەوتبوو، لەسەر و رووی، لە هەڵسـوکەوت و زەوق و سەلیقەی بە تەواوەتی رەنگیدابۆوە، کوڕەکان هەستیان کرد کە باوکیان تەواو پەرێشان و ماڵوێران بووە، بیرۆکـەی هێنانی ژنێك بۆی، کە هەم کاریگەری مردنی دایکیان لەسـەر کەمبکاتەوە، هەمیش تۆزێك خەریك بێت و ئەو کەسەش بتوانێ خزمەتی بکات، لای کوڕەکان گەڵاڵە بوو، پاشان لەگەڵ هەر سێ خوشکیش قسەیان کرد و بیرۆکەکەیان زۆر پێ باش بوو، ئەوان دوای چوار پێنج ڕۆژ گەڕانـەوە ئەوروپا و پاش ماوەیەك (تارا و شلێر) باسەکەیان لەگەڵ باوکیان کردەوە بەڵام (نوری) ئەوەندە مەسەلەکەی بەهەند وەرنەگـرت، بەهەرحاڵ مانگێك دووانی بەسـەرداچوو، دیسان وردە وردە باسەکە هاتەوەگۆڕێ، ئەوجا(نوری) یش بیرۆکەکەی پێ باش بوو، ئیتر دەسـتیان کرد بە گەڕان و پرسیارکردن لە ژنێك کە لە باوکیان بووەشێتەوە.

دیتنـەوەی ژنێك بـەو پێوەرانەی کە ئەوان دەیانووسیت مانگێك زیاتر خایاند، ئاخیرییەکەی قەیرە کچێکیان بۆ دۆزییەوە کە بە دڵی باوکیان بێت و وەك دەڵێن لێی بووەشێتەوە کچە تەمەنی گەیشتبووە (٣٨) ساڵ، لە خێزانێکی ئاسایی بوو، کچێکی چاوکـراوە و زۆر زان بوو، ئـەوە نەبووە هەروا بە سـانایی تەماشای ژیان بکات بەڵکو کچێکی تەماحکار و دنیادیتە بوو، بەهەر حاڵ لێرەوە با بزانین(تارا) هێنانی ئـەو کچە بۆ باوکیان و دواتر پەیدابوونی کێشەکان چۆن بوو؟

## چۆن بۆ مانی دەگێڕێتەوە؟

(تـارا) دەڵێ: کە ئـەم زڕدایکەمان بۆ باوکمان خواسـت لـەو بڕوایەدابووین کەسێك دەبێتە هاودەمی باوکمان و تۆزێك سـوکنایی و دڵنیایی پێ دەبەخشـێت، خەم و خەفەتی لە دەستچوونی دایکمان کەم دەبێتەوە لەسـەری، بەڵام بەداخەوە وانەبوو، هەر لە هەفتەی یەکەمەوە ئاماژە و قسەکانی، چۆنییەتی هەڵسوکەوتی لە ناو ماڵ و هەڵسـوکەوتی لەگەڵ ئێمە، بە جۆرێك بوو وەك ئەوەی ئێمە بێگانە و خۆی خاوەن ماڵ بێت، هەر لەسـەرەتاوە ململانێیەکی راسـتەوخۆی لەگەڵ من و (شـارا)ی خوشکم دەسـتپێکرد ڕۆژ بە ڕۆژیش ئاسـتی ململانێیەکەی زیاتر و توندتر دەکـرد، باوکمان کە بە ژیانی قسـەیەکی توندو ناخۆشـی بە ئێمەی کچەکانـی نەگوتووە، زۆرجار کە لە کار

دەهاتەوە، دوای نیو کاتژمێر وەك فیشەکە شـێتەی لێدەهات لێمان، زۆر بە ئاشکرا هەستمان دەکرد کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو ژنە، راســتییەکەی ژنەش دەیتوانی گۆڕانکاری و کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر دروستبکات، ئامانجەکەشی لەو کێشە دروســتکردنانە دیار و بەرچاوبوو، تا خــۆی بەتاك و ئەو تەنیــا لە ماڵی باوکمــان بمێنێتــەوە و ئێمــەش بەهەر رێگەیەك بێت دەرپەڕێنێ، کە دیتی بۆی ناکرێ دەرمانپەڕێنێ، بەتایبەتی لەمەدا نەیتوانیبــوو باوکم بخاتە ژێر کاریگەری خۆیــەوە ، هەوڵمدا ئیشــەکە لە کورتی ببڕێنێتەوە، ئەویش بە بەناوکردنی هەرچی شــتی گرانبەهایە لە زەوی و خانوو، یا دوکان یا شتی تر ، باوکم سەرەتا نەچووە ژێر باری ئــەو تەماحانەیەوە، بەڵام ئیتر نازانم چی بوو، لە ئێمەی ســوڕاندەوە و تووشمان بە تووشــی باوکمان، ئەوە بوو هەموو بەیانییەك کە باوکم دەچوو دەرەوە لێمانی هاندەدا و بە گژمانی دا دەکرد.

ئێوارەش کە دەهاتەوە، دیســان دەیکرد بە گژمانا. هەمــوو جارێ دەمانگووت نەفرەت لەو کەســە بێ کە ئەو هەوێیەی بۆ هێناین و تووشــی دەردەســەری ئەو ژنەی کردین.

ژنــە خــۆی زۆر جار بە ئاشــکرا دەیگووت، باوکتان شــتێکی لێبێت، یا بمرێــت من بێکەس و بــێ جێگەوڕێ دەمێنمــەوە و ئێــوەش دەرم دەکــەن، راستییەکەش قەت شتی وا لە خەیاڵماندا نەبوو، بەڵام بڕیارماندا بوو من و هەردوو خوشکەکەی ترم بەڕاستی وای لێبکەین و واشــی دەربیکەیــن ببــڕای ببڕای نەیەتەوە ئێرە.

ئیتــر مــن و خوشــکەکانم خۆمان رێکخست و پێشتر براکانیشمان دەیانزانی ئەو ژنە چ غەدرێکمان لێدەکات.

ناکۆکی ئێمە و ئەو تەواو پەرەی سەند و چەنــد جارێك باوکمان هەڕەشــەی دەرکردنی لێکردیــن و چەند جارێکیش هەڕەشــەی بەناوکردنی هەموو شــتێك هەرچی ســامان و دارایی هەیە بۆ ئەو ژنە لێکردین. ئیتر کە مەســەلەکەمان لــە براکانمــان گەیانــد هەردووکیان بەشــێوەیەکی کاتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە هاتنەوە و هەفتەیەك خەریکی

**ناکۆکی ئێمە تەواو پەرەیسەند ، چەند جارێک باوکمان هەڕەشەی دەرکردنی لێکردین و چەند جارێکیش هەڕەشەی بەناوکردنی تەواوی سەروەت و سامانەکەی بەناوی ئەو ژنەوە لێکردین**

تاوتوێکردنی ئەو باســە بوون. سوودی نەبوو، لەگەڵ زڕدایکەکەمان هەوڵیاندا، سوودی نەبوو. ئێوارەیەك هەموو پێکەوە دانیشــتین و براکانمان لەگەڵ باوکمان رووبەڕوو قســەیان کــرد. (هۆزان) کە برا گەورەمــان بوو رووی قســەی لە باوکم کرد و پێیگــووت: باوکە ئەمانە منداڵی خۆتن جەرگتن، ئاخر رەوا نییە بەقسەی ئەو ژنە ئەو کارەیان پێدەکەی و هەموو رۆژێ دەردیان دەدەیتێ. بۆچی هەڕەشــەی دەرکردن و بێبەشــکردن لە میرات و ماڵیان لێ دەکەن؟

ئەو ژنە هەمــووی چەند مانگێکە هاتــووە، بــەڵام ئەوانە چەندین ســاڵە خزمەتت دەکــەن، هیچ نەبێ تا دەچنە رێــی خۆیان ئارام با بن و مەســەلەی ماڵیــش لێگەڕێ بۆ کات و شــوێنی خۆی و دەســتکاری شــتێك مەکە کە دواتر پەشــیمانی لــە دوا بێت... بەڵام باوکم پێش ئەوەی بە وەڵام بێت ژنەکەی قســەی کرد و گوتی: ئــەم ماڵە ئیتر ماڵی منە و باوکیشــتان چاك دەزانێ، ئێوە لە ئەوروپان، بەیانی خوشکەکانتان شوو دەکەن و دەڕۆن، کێ دەمێنێتەوە لە من زیاتر؟ کێ لە ئێوە خزمەتی باوکتان دەکات لە من زیاتر، ئێوە یان ژنەکانتان، خوشکەکانتان یان مێردەکانیان؟ بێگومان لە خۆم زیاتر کەســی تری نییە، ئەی باشە من ژنی حەڵاڵی باوکتان نیم، من زڕدایکی ئێوە نیــم؟ بۆچی بۆم نەبێ پشــکێکم لەم ماڵە بەرکەوێت؟ ئەگەر بەیانی خوانەخواســتە باوکتان مرد، من چی لێدەکەن؟ بێگومــان دەرم دەکەن و تێمهەڵدەدەن و لەهەموو شــتێك بێبەشم دەکەن... زۆر قسەی دەکرد ، چەندیش براکانــم پێیان گوت تۆ بەشــێوەیەکی ناڕاست و هەڵە بیردەکەیتەوە، ئێمە وانین و تۆش زۆر پێشوەختە بیر دەکەیەوە، بەڵام ئەو بڕیاری دابوو، تەنها لەسەر قسەی خۆی بێت و بەس، مشــتومڕ درێژەی کێشا و باوکمان ئێمەی دەرکرد، کچەکانی دەرکــرد و ئێمە بەناچاری چەند رۆژێك لای خوشکە گەورەکەم ماینەوە. مەیدان تەنها بــۆ زڕدایکەکەمان مایەوە چەند جارێك هەوڵماندا باوکم ســار بکەینەوە، لــەو نوختەوە (هــۆزان) دەڵێت: نەخێر بڕیاری خــۆی دابوو کچە جاحێڵەکانی

خۆی بۆ خاتری رازی کردنی ژنەکەی بەیەکجاری دەربــکات... من بڕیارم دا بگەڕێمەوە ئەوروپا بۆ ئەوەی مۆڵەتێکی یــەك مانگی وەربگرم تا ئەو کێشــەیە بەیەکجاری بنبڕدەکەین، چەند رۆژێکم پێ چوو، کارەکانم رێکخســت دووبارە هاتمەوە وڵات بۆ ئەوەی ئەو کێشــەیە بەلایــەك دا بشــکێنین چارەنووســی خوشکەکانیشــم بزانم، دووبارە دەستمان کردەوە بە مشــتومڕ لەگەڵ باوکمان کە نابێ شــتی وابکات ئەو کچە جاحێڵانە وەها پەڕاگەندە بکات. من و زاواکەم و باوکی و مامەکانم لەگەڵ خۆم برد، هەر لەوێ لەکاتی قسەکردن و باس و خواسدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو خانووەی باوکم تیایدایە و ٧٠٠ مەترە بەناوی ژنەکەی کــردووە... خەریکــی مامەڵەکردنیش بوو بۆ ئــەوەی ئەوانی تریشــی بەناو بکات، ئیتر مەســەلەکە تەقیەوە، بووە هەرایەك ئەوســەری دیار نەبێت، باوکم پڕی دایە من لێم بدات بەڕاستیش لێی دام، خوشکەکانیشــم لەتاوان پڕیان دایە زڕدایکەکەمان و بووە شەڕە پرچ و شەڕە چەپەڵــۆك و لێکدان، لەو بەزم و هەرایە بوو، کە زڕ دایکەکەم هاواری لێهەڵساو و قیژاندی و گوتی: ئای سنگم، ئای ژان کوشتمی، عارەقەیەکی ساردی کرد و چاوی سپی هەڵگەڕاو رشایەوە، هەر ئەو رشــانەوەیە بوو، یەکسەر کەوت بە زەویدا، بەهۆی مامەکانم و خزمەکانی ترەوە توانــرا هەرایەکە بەو هۆیەوە کپ بکرێتەوە و ژنە بگەیەندرێتە نەخۆشخانە، بەڵام لە نەخۆشــخانە کە پشکنینیان بۆ کرد گوتیان دەمێکە مردووە، لەگەڵ ئەو قسەیە باوکیشــم لەهۆش خۆی چوو، لەگەڵ بەربوونەوەکەی سەری بە پارچە ئاســنێکی قەرەوێڵەی نەخۆشــخانەکە کــەوت، ئــەوەی کــە زڕدایکەکەمان لەســەر درێژکردبوو، ئاسنەکە چوو بووە ناو سەری و کەللە ســەری تەقاندبوو، چەند رۆژێك لە ژێر چاودێری پزیشکی مایەوە و دواتر ئەویش مرد، بەمشــێوەیە ژنە ســەری خۆی و باوکیشمی خوارد و کێشەیەکی گەورەی میراتیشی بەجێ هێشت کە بەناوبوونی خانووەکەی باوکم بوو، ئەوەش هەمــووی بەهۆی ماڵی دنیابوو.

# بۆچی کەسانێک زیاتر
# لە سیمکارتێکیان هەیە؟

هەندێ کەس زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە و بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاری دێنن، هەندێکیان ئەوانەن کە خۆشەویستیان هەیە و ژمارەیەکیان تایبەت کردووە بە خۆشەویستەکەیان، یان جۆری کارەکەیان وا دەخوازێت زیاتر لە سیمکارتێکیان هەبێت، یان بۆ هەرمەبەستێکی تر، ئێمە لێرەدا هەندێ کەس دەدوێنین کە زیاتر لە ژمارەیەکی مۆبایلیان هەیە بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری بوونی زیاتر لە سیمکارتێک چییە، هەروەها رای چەند کەسێکیش وەردەگرین کە تەنها یەك سیمکارتیان هەیە و لێیان دەپرسین:چۆن دەڕواننە ئەوانەی زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە؟

## کوڕێک ٦ سیمکارتی هەیە

(هێرش) شەش سیمکارتی هەیە، دەربارەی هۆکاری ئەوەی ئایا بۆچی شەش سیمکارتی هەیە، دەڵێت"یەکێکیان تایبەتە بە ماڵەوە، سیمکارتێکی تر تەنیا بۆ هاوڕێکانم لە زانکۆ، دوو سیمکارتی تریش بۆ قسەکردن لەگەڵ خۆشەویستەکەم، دوو ژمارەی تریشم هەن کە تا ئێستا بەکارم نەهێناوە" ئەو بوونی ئەو هەموو سیمکارتە بە کارێکی باش دەزانێت لەبەرئەوەی هەریەکەیان بۆ کارێکی تایبەتی بەکاردێنێت، جگە لەوەش پێی وابوو، ناکرێت تەنیا یەك ژمارەی مۆبایلی هەبێت لەبەر ئەوەی زۆر قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکات و دواتر ئەگەر پەیوەندی بۆ بێت بێزار دەبێت.

## سیمکارتێک بۆ خۆم و یەکیش بۆ خۆشەویستەکەم

(شلێر) کە کچە قوتابییەکی زانکۆیە و دوو سیمکارتی هەیە، دەڵێت"دوو سیمکارتم هەیە، یەکێکیان بۆ ماڵەوە و هاوڕێکانم واتە لای زۆربەی ئەو کەسانەیە کە ئاشنایەتیم لەگەڵیان هەیە و ژمارەکانیان دەزانم، ئەوەی تر تایبەتە بە خۆشەویستەکەم و شەوانە زۆر قسە دەکەین بەیەکەوە، بۆیە وابزانم بوونی دوو سیمکارت بۆ من کارێکە لەجێی خۆیدایە". (بەهرە)ش پێشتر چوار سیمکارتی هەبوو، بەڵام ئێستا تەنها دوو سیمکارتی هەیە، ئەو بەم جۆرە قسەی کرد" تا ماوەیەك پێش ئێستا چوار سیمکارتم هەبوو، زۆر قسەم لەگەڵ هاوڕێکانم دەکرد، بەڵام دواتر بیرم کردەوە کە پێویست نییە چوار ژمارەم هەبێت، بۆیە ئێستا تەنها دوو ژمارەم هەیە، ئەویش بۆ کاری ئاسایی خۆمی بەکاریاندێنم" بەهرە ئەوەشی گوت، کە بەنیازە تەنیا یەك ژمارە بۆخۆی بهێڵێتەوە و پێی وایە بەو شێوەیە باشترە. "سێ ژمارەم هەیە، یەکێکیان تایبەتە بە خۆشەویستەکەم، یەکێکی تر هاوڕێ نزیکەکانم، ئەوەی تر تەنها ئەو کاتە بەکاریدێنم کە ئەوانی تر سەنتیان تێدا نەبێت یان کەسێك وەڵامی ژمارەکانی ترم نەداتەوە بەو ژمارەیە پەیوەندی پێوەدەکەم" ئەمە رای (سەرباز) بوو، ئەو بەردەوام بوو لە قسەکانی" هیچ کاتێك بۆ مەبەستی خراپ بەکارم نەهێناوە و پێم شتێکی زۆر ئاساییە کە زیاتر لەسیمکارتێکم هەیە لەبەر ئەوەی هیچ زیانی نییە و بۆ خۆم وەهام پێ باشترە".

## پێنج سیمکارتی هەیە و یەکێکیان کراوەیە

(هیوا) گەنجێکی ترە کە زیاتر لە ژمارەیەکی مۆبایلی هەیە، دەڵێت"حەزدەکەم زۆر ژمارەم هەبێت، ئێستا پێنج ژمارەم هەیە بەڵام تەنها یەکیان کراوەیە و ئەوانی تر داخراون، هەندێ جار پێم خۆشە کەس تەلەفۆنم بۆ نەکات ئەو کاتە ئەو ژمارەیە لەسەر هاندەکەم دادەنێم کە کەس نایزانێت ئەو کات ئەگەر خۆم کارێکم هەبوو ئەوا تەلەفۆن دەکەم، بەڵام هیچ تەلەفۆنم بۆ نایەت". ویستمان رای چەند کەسێك وەربگرین کە تەنها یەك سیمکارتیان هەیە، لەسەرەتادا (دەشتی) گوتی" بوونی زیاتر لە سیمکارتێك بە سروشتی نازانم لەبەر ئەوەی دەتوانرێت بە یەك سیمکارت هەموو کارەکان ئەنجام بدرێت. بە رای من ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کەسەکە، هەیە حەز دەکات زۆر ژمارەی مۆبایلی هەبێت، هەیە بۆ خۆ گەورە کردن زیاتر لە ژمارەیەکی هەیە، بۆیە وای دەبینم بوونی چەند سیمکارتێك هیچ مانایەکی نییە، تەنیا لەهەندێ کاتی تایبەت دا نەبێت ئەویش بە پێی بەرنامە و بەرپرسیاریەتی، بەشێوەیەکی گشتی بوونی یەك سیمکارتم پێ باشترە لە چەند سیمکارتێك.


## کەپڵەکان زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە

(شارا) یەك سیمکارتی هەیە و پێی وایە پێویست ناکات زیاتری هەبێت، سەبارەت بەوانەش کە زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە، دەڵێت" زۆر ئاساییە ئەوانەی کەپڵیان هەیە یان ئیشوکاریان زۆرە چەند سیمکارتێکیان هەبێت، کچێکی تر بە ناوی (شەهێن) بەم شێوەیە رای خۆی دەربڕی" من تەنها یەك سیمکارتم هەیە و پێویستم بەوە نییە زیاترم هەبێت، بوونی چەند سیمکارتێك لای یەك کەس بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێنمەوە، هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ کەپڵەکەی، هەیە بۆ شانازی بە خۆکردن چەند سیمکارتێکی هەیە، هەشە بۆ کاری ناشیاو بەکاری دێنێت، هەشە سروشتی کارەکەی وا دەخوازێت، بەڵام وەك رای خۆم ئەمە بە کارێکی جوان و شارستانی نازانم". هەر دەربارەی ئەم بابەتە (دیاری) گوتی" هەموو کەسێك ئازادە لەوەی چەند سیمکارتی هەیە، ئەگەر بۆ مەبەستی خراپ بەکاری نەهێنێت من پێم زۆر ئاساییە، خۆم تەنها یەك سیمکارتم هەیە و پێویستم بەوە نییە سیمکارتی ترم هەبێت، بەڵام بۆ هەندێ کەس بوونی چەند سیمکارتێك کارێکی پێویستە".

**کوڕێک: بوونی چەند سیمکارتێک چەند مانایەکی هەیە و شتێکی ناسروشتییە**

ئامادەکردنی: هێمن قەسرەیی
hemntoni@yahoo.com





# خێزانەکەی فێری مەی خواردنەوە کرد!

ئا: ناسك سەعید- سلێمانی



خۆشەویستی لەنێوان دوو مرۆڤدا پێویستی بە لێبوردن و قوربانیدان هەیە، كۆمەڵێك تایبەتمەندیی خودی لەپێناو كەسی بەرامبەردا دەكرێتە قوربانی بەمەبەستی گەیشتن و برەودان بەخۆشەویستییەكەیان، لەزۆربەی كاتدا كچ (رەگەزی مێ) پێی دەنێت بەخواستەكانی خۆی و هەستی بەرامبەر رادەگرێت، هەرچەندە بەهۆیەوە تووشی گرفت دەبێت.

**لەپێناو خۆشەویستیدا**

(دەروون) ئەو ئافرەتەیە لەپێناو خۆشەویستەكەیدا هەموو شتێك پەسەند دەكات، بەڵام هاوسەرەكەی بێ باكە لەخۆشەویستیەكەی و بەرەو چەندین ئاقاری دژواریدا دەبات.دەروون،خاتونێكی زمان شیرین و رەوشت بەرزە، دایك و باوكی لە پێنج منداڵدا تەنها دەروونیان بۆماوەتەوەو ئەوانی تر هەربەمناڵی مردوون،بۆیە لای دایكی و باوكی زۆر خۆشەویست بووە و هەمیشە چاویان لەسەری بووە. ئەم نازپێدانە بۆ دەروون دەبێتە مایەی ئەوەی هەموو شتێك بەخواستی خۆی بێت تەنانەت لەهەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیشیدا.

دەروون لەقۆناغی (٢)ی زانكۆوە لەگەڵ كورە پورێكیدا پەیوەندی خۆشەویستی بنیاد دەنێن و بۆماوەی زیاتر لە سێ ساڵ بەنهێنی ئەم پەیوەندییان بەردەوام پێ ئەدەن،دەروون لەگەڵ زانا زۆر یەكتریان خۆش دەوێت ئەوەی گرفت بێت دەبێ دەروونداا ئەوەیە كە زانا چوار ساڵ لەدەروون بچوكتر دەبێت بۆیە دەروون چاوەڕێی زانا دەكات تا زانكۆ تەواو دەكات. لەدوای تەواوكردنی خوێندن زانا ئەم خۆشەویستیەی نێوان خۆی و دەروون ئاشكرا دەكات و بەدایكی دەڵێت، لەبەر ئەوەی دایكی دەروون و زانا خوشكن بۆیە ئەم مەسەلەیە بەقورس وەرناگرێت بەڵام دایكی زانا دەڵێت: زانا گیان من چۆن بتوانم ئەم مەسەلەیە لای باوكت باس بكەم چونكە خۆت دەزانی ماوەی سێ ساڵ زیاترە باوكت لەگەڵ باوكی دەرووندا قسەیان بەیەكەوە نییە، هەرلەوكاتەوە شەریك بوون لەكارێكدا عاجزیان هەبووە تا ئێستا پەیوەندیان نییە بەیەكترەوە و دواتریش تۆ لەدەروون منداڵتری نازانم چیت بۆ بكەم؟

زانا و دەروون، ئەم دوو قسەیە بەگرنگ دەزانن و بەتایبەت پەیوەندی باوكیان، بۆیە دەروون پێ لەدڵی خۆی دەنێت و بەدایكی دەڵێت، بەبێ هیچ بیركردنەوەیەك دایكی دەڵێت كچی خۆم هەرگیز ئەوە نابێت، ئاگاداریت كەلەبەرچییە ئاشت نابنەوە، باوكی زانا مەی خۆرێكی بێ وێنەیەو هەمیشە خەیاڵە، باوكیشت بەپێچەوانەی ئەوەوەیە، ئیتر چۆن بەم مەسەلەیە رازی دەبێت؟

دەروون بۆ رازی كردنی دایكی زۆر لێی

دەپارێتـــەوە ئـــەو مەســـەلەیە لای باوكی بدركێنێـــت، هەمـــوو هەوڵەكانی بێ ســـود دەبێت، بۆیە ناچار دەبێـــت بەپوری بڵێ تا ئەو تەكلیف لەدایكی بكات، دوای پەیوەندی كردن بەپوریـــەوە رازی دەكات پەیوەندی بە دایكیـــەوە بـــكات و بەهەرشـــێوەیەك بێت هەریەكەیان لەلایان خۆیەوە ئەو كارە ئاســـان بكات. ســـەرەتا دایكی زانا ئەم باســـە لای هاوســـەرەكەی دەكاتەوە، باوكی زانا بەهیچ جۆرێـــك رازی نابێت، بـــەڵام بەپێچەوانەوە باوكـــی دەروون دەڵێت ئـــەوەی دەروون پێی خۆش بێت من قســـەی تێدا ناكەم هەرچەند ئەو ماڵە لەو ئاستەدا نین من كچیان بدەمێ بەڵام دڵـــی دەروون ناشـــكێنم و پیرۆزییان بێت. كاتێك باوكی زانا ئەمە دەبیســـتێتەوە زۆر پەشیمان دەبێتەوە و داوای لێ بوردن لە ماڵی دەروون دەكات، ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئاشت بوونەوەی ئەم دوو خێزانە.

دەروون دەڵێت: دوای ئـــەوەی خێزانەكانمان ئاشـــت بوونەوە و هاوسەرگیریمان پێك هێنا، لەبەرئەوەی ئێمە خـــزم بووین داوای ماڵی جیام نەكردو چوومە سەر ماڵی پوورم. پاش تێپەڕبوونـــی هەفتەیەك تا دوو هەفتە بینیم ژیانی ئەم ماڵەی پورەم زۆرجیاوازترن لەئێمە و رەفتاری وام دەبینی سەرم دەسورما،هەموو شـــەوێك مێردی پورم دەستی دەكرد بەمەی خواردنـــەوە و خێزانەكەشـــی لەگەڵیـــدا دادەنیشـــتن و جەوێكیان بۆ خۆیان دروست دەكرد چەندێك بەمنیان دەوت كە بەشداریان بكەم بەڵام بێ ســـود بوو. بەزانام گوت واز لەو رەفتـــارە بهێنێت ئەگەرنا دەبێت ماڵم بۆ جیابكەیتەوە چونكە من ئەم وەزعەم پێ قبوڵ ناكرێت، زانا ئەم قسانەی بەهەند وەرنەگرت و لەســـەركردەوەكەی خـــۆی هەربـــەردەوام بوو چونكە تـــەواوی خێزانەكەیـــان خویان پێوەگرتبـــوو، ئێمە لەبەرئـــەوەی ماوەیەكی زۆر هاتوچـــۆی یەكترمان نەدەكرد بۆیە نەم دەزانی بەم شـــێوەیەن. دەروون زۆری بەلاوە ســـەیر دەبێت ئەم خێزانە بۆچی بەو شێوەیەن و تەنانەت زۆر شـــەویش هەیـــە باوكی زانا یەك دوانێك لەهاوڕێكانیشـــی دەهێنێتەوە تا درەنگانێكی شەو سەرقاڵی مەی خواردنەوە دەبن.

برایەكی زانا كە لـــەدەرەوەی وڵات دەبێت و دەعوتنامـــە بۆدایك و باوكـــی زانا دەنێرێت و دەرۆنـــە دەرەوەی، ئەوكات هەرخوشـــك و برایەكی دەمێننەوە.لەدوای رۆیشـــتنی دایك وباوكی زانا بۆ دەرەوەی وڵات،زانا و خوشك و براكەی تا دەهات خراپتر دەبوون و هەموو شەوێك ئەو ماڵەیان دەكرد بە (مەیخانە، هەر چییەكم دەكرد بێ سود بوو،ئەوەی بەلامەوە ســـەیر بوو خوشـــكەكەی زانا بوو كە زۆر لەبراكانی خراپتربوو).

دەروون دەڵێـــت: بەزانام گوت ئەگەر واز لەم رەفتارە نەهێنیت ئـــەوا لەیەكتر جیادەبینەوە چونكـــە من تەحمولـــی ئەم ژیانـــە ناكەم كاتێك خوشـــكەكەی بەمەی زانی لێم توڕە بوو گوتی: هەرئەمەیە ئەگەر دادەنیشـــیت فەرموو ئەگەرنادەرگا كراوەیە، بەراستی نەم دەزانی چی بكەم، چونكـــە نەدەوێرام لای دایـــك و باوكم هیچ بڵێم، هەروەها زاناشـــم زۆر خۆش دەویست لەبەرخاتری ئەو هەموو شتێكم قبوڵ كرد.

## كردەوەیەكی هەڵە

شـــەوێك خوشـــكی زانا پێی گوتم دەروون بۆتۆش كەمێـــك ناخۆیتەوە هەر هیچ نەبێت تامی بكە،بزانە چۆنە؟ من گاڵتەم بەعەقڵی دەهات بەڵام بەهەرســـێكیان هەموو شەوێك سەریان دەخستە ســـەرم و پێیان دەگوتم كە بخۆمـــەوە، مرۆڤیش هەرئەوەنـــدە عەقڵی تەسلیمی نەفسی كرد هەموو كارێك دەكات، بێگومان هەمـــوو كارێكیش ســـەرەتاكەی قورســـە، منیش رازی بووم و بۆیەكەم جار لەگەڵیاندا دانیشـــتم و دەستم كرد بە مەی خواردنەوە ئیتر فێربـــووم و نەمتوانی وازی لێ بهێنم.

ئەم نهێنیەم لە دایك و باوكم شاردەوە،تا شەوێك هاوڕێیەكی زانا هات بۆ ماڵمان و بۆ مەی خواردنەوە لەگەڵماندا دانیشـــت، بێ ئاگام بووم لەوەی كە هاوڕێكەی زانا ئەم دانیشتنە بۆ باوكـــم بـــاس دەكات و لەنزیكەوە باوكم دەناسێت، باوكم كەئەمەی بیستبوو یەكسەر هات بۆ ماڵەوە و هەڕەشەی لێكردم جارێكی تر كاری وا دووبارە نەكەمەوە. زۆر هەســـتم بە شەرمەزاری كرد،بەڵام خۆشەویستی زانا وای لێكردبووم ناتوانـــم هیچ بریارێك بدەم، بۆیە هەرلەوماڵە مامەوە و دەرنەچووم.

## گەڕان بەدوای چارەسەردا

زۆر پەشیمان بووم ئەم هاوسەرگیریەم لەگەڵ زانادا ئەنجامدا، چونكە خوشـــك و براكەی چوونـــە دەرەوەی وڵات و تەنهـــا من و زانا لەكوردستان ماینەوە،هەموو ژیانمان دۆڕاند، زانا بـــەردەوام خەریكی مەی خواردنەوە بوو تەنانـــەت هەندێك جار قوماریشـــی دەكرد، منیش لەســـەر مەی خواردنەوە راهاتبووم، ئـــەو موچەیەی وەرم دەگرت بەشـــی مەی خواردنەوەی نەدەكردم، باری تەندروستیشـــم زۆر خـــراپ ببـــوو و هەرچەند هەوڵمدا بۆم تـــەرك بكرێت نەمتوانی، تەواو هەموو ژیانم تێكچوو بـــوو، ئەمەم لـــەلای هاوڕێیەكەم باس كـــرد ئەویش پێی گوتـــم كە بچم بۆ رێكخراوێكی ئافرەتـــان تا رێنماییم بكەن و لەلای توێژەرێكی كۆمەڵایەتی گرفتەكانم باس بكەم بۆئەوەی چارەسەرێكم بۆ بدۆزێتەوە ئەگەرنا خەریكە خۆشـــم و هاوسەرەكەشـــم لەناودەچین، بۆئەم مەبەســـتە چوومە لای رێكخراوێكی ئافرەتان و باســـی كێشـــەكە لەلای توێژەری كۆمەڵایەتییان كرد، ئەویش رێنمایی كردم و هاوكارییەكی باشـــی كردم، لەئێســـتادا وازم لەمەی خواردنەوە هێناوە و هەوڵی بەردەوامیش دەدەم لەگەڵ هاوسەرەكەم تا ئەویش لەو ژیانە ناخۆشـــە رزگاری بێت و ژیانێكی بەختەوەر بەســـەر بەرین، پێشتر نەم دەزانی ژیان چییەو بەچییەوە سەرقاڵین، وام هەســـت دەكرد كە لەنادیەكدا كاردەكەم، بەڵام ئێســـتا ژیانم گۆڕاوە و بیر لەئایندەی خێزانەكەم دەكەمەوە و ئومێدی زیاترم بەژیان هەیە.

**توێژەری كۆمەڵایەتی:**

## ئافرەت دەتوانێت گۆڕانكاری بەسەر هاوسەرەكەیەوە هەبێ

**ســـەبارەت بەم گرفتە دەروونیە توێژەری كۆمەڵایەتی (رێناس رسول) دەڵێت: ئەو كارەی دەروون كردویەتی و دواتر هەوڵی چارەســـەكردنی خۆی داوە بەو شێوەیەی چۆتـــە لای توێژەرێكـــی كۆمەڵایەتی كارێكـــی پۆزەتیڤ و جیـــددی كردووە، چونكـــە لەوكاتانـــەی مـــرۆڤ لەناو حەزەكانـــی خۆیـــدا نغـــرۆ دەبێت زۆر ئەســـتەمە بتوانێـــت خـــۆی بدۆزێتەوە، و چارەســـەری گرفتەكانـــی بـــكات، هاوكات گەڕان بەدوای كەسی شارەزادا فاكتەرێكە بۆ چارەســـەركردن،رێدەكەوێت گرفتـــەكان لای كەســـێك بـــاس بكەین شـــارەزایەكی ئەوتۆی نییـــە و ناتوانێت هاوكاریمان بكات ئەوكاتە برینەكان قوڵتر دەبنەوە،بۆیە دەكرێت دەروون بەردەوام بێت لەســـەر ئەو رێنماییانەی وەری دەگرێت و بەهەمان شـــێوەش من بێگومانم لەوەی هاوسەرەكەشـــی لەســـەر ئەو كردەوەیەی بەردەوام نابێت و وازی لێدەهێنێت، چونكە ئافرەت دەتوانێت گەورەترین كاریگەر بێت بەسەر هاوسەرەكەیەوە.**

# له نێوان بەشوودانی زۆره م...

## چنار...

ئا: خەندە گۆران



زۆرن ئەو دیاردانەی دەبنە سەرچاوەی چەوساندنەوەی ئافرەت و تێکدانی ژیانی ، زۆر جاریش هۆکاری هەڵەکان دایك و باوکن، دیاردەی بەشوودانی کچان بە زۆرەملێ بە پیاوی بەساڵاچوو گرفتێکی گەورەیە و هەرگیز ئەو کچە دڵی بەو شووکردنە خۆش نابێ و بەردەوام غەمبار و خەفەتبار دێتە بەرچاو و بیر لە رێگە چارەیەك دەکاتەوە بۆ دەربازبوون لەو ژیانە، رەنگە لە کۆتاییدا تووشی هەڵەی گەورەی بکات و بەدرێژایی تەمەنی باجەکەی بدات، نەبوونی سەقامگیری خێزانی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ راکێشانی ئافرەت بۆ نێو جیهانی تاوان، بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت هەر چەندە کێشە و گرفتەکانی ئافرەت ئاڵۆزن، بەڵام هێشتا رێژەی تاوان کردنی ئافرەت.. زۆر کەمترە بە بەراورد لە پیاو، چونکە سروشتی پێکهاتەی لەشی ئافرەت و دڵ و دەروونی وا خوڵقاوە کە پڕە لەسۆز و دڵ نەرمی و خۆشەویستی کەوا دەکات خودان سایکۆلۆژیەتێکی توندوتیژ نەبێ، بە جۆرێك هەتا ئەگەر زوڵمیش لێ بکرێت، هەر ئارام و نەرم و نیان بێ، (چنار) کاتێ ئەو ژیانە ناخۆشەی بەسەرداهات هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە(١٧) ساڵان، ئەو دەڵێت: خێزانەکەمان لە حەوت ئەندام پێکهاتبوو، دایکم و باوکم و دوو برا و سێ خوشك من کچی گەورەبووم، دایکم لە ماڵدا هەموو شتێکی بەدەست بوو قسەی باوکم بە هیچ نەدەچوو، دایکم هەر کارێکی بکردایە زۆر بەکەمی رای باوکمی وەردەگرت، تەنانەت لە بەشوودانی منیش هەمان شتی کرد بە جۆرێك هێندەمزانی ئەو پیاوە بە ساڵاچووەی کە هاموشۆی ماڵمانی دەکرد رۆژێك بوو بە مێردم بێ ئەوەی ئەوکات هیچ شتێك لە مانای ژن و مێردایەتی و ژیانی هاوسەری بزانم .

شەوێك ئەو پیاوە هات منی بە جلی ماڵێ لەگەڵ خۆی برد، شەو لەگەڵی لە ژوورێ مایمەوە بە درێژایی ئەو شەوە هەوڵی نزیك بوونەوەی دەدا بێ ئەوەی بزانم بۆچی وادەکات، بەڵام من رێگەم پێنەدا لێم نزیك بکەوێتەوە تا بەیانی لە سوچێکی ژوورەکە دانیشتم، زۆر دەترسام خەوم لێ بکەوێ و ئەم پیاوە شتێکم لێ بکات، جارجار خەو دەیبردمەوە و رادەچەنیم، بەیانی زوو هەر کە دەرفەتم وەرگرت بەپێی پەتی رامکرد و لە رێگاش ناوە ناوە ئاوڕێکی پشتە خۆم دەدایەوە تا بزانم کەس بە دوامەوە نییە، کە گەیشتمەوە گەڕەکی خۆمان خەڵکی لێم کۆبوونەوە، بەڵام دایکم زوو منی راکێشا حەوشەی ماڵ و دەستی کرد بەجنێودان و قسەی ناشرین، و گوتی: تۆ دەتەوێ ئابڕومان بەری لە نێو خەڵکی تۆ ئێستا بە شەرعی ژنی ئەو پیاوەی من پارەم لێ وەرگرتووە هەر چۆنێك بێ دەبێ لەگەڵی بژی هەستە پێشم بکەوە تا بتبەمەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆت، نەمدەزانی چۆن خۆم لە بەردەستی دایکشم قوتاربکەم، بۆیە پێم گوت: باشە بەیانی راوەستە ئەگەر ئەو نەهات ئینجا لەگەڵت دێمەوە، ئەو رۆژ تا ئێوارە بیرم لە خۆ رزگارکردن کردەوە هەر کە دەنگی دەرگا دەهات هەموو گیانم دەلەرزی وامدەزانی ئەوە پیرە پیاوەکەیە، کەوتمە بیرکردنەوە بۆ هەڵاتن و خۆ رزگارکردنم لەدەست ئەو پیاوە و دایکم، بۆیە گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە رابکەم، هەر ئەوەش روویدا و بەیانی زوو هەندی لەو جلانەی کە هەمبوو کۆمکردەوە و بەرەو گەراجی شار کەوتمەڕێ لە وێ هەر شۆفێرە و بانگی شارێکی دەکرد دوای، بیرکردنەوەیەکی زۆر لەوەی بۆ کام شار بچم دواجار بڕیارم دا بچمە شاری(.......) لە نێو ئۆتۆمبێلەکە بێدەنگ دانیشتم بەهەرحاڵ پاش گەڕانێکی زۆر کارێکم لە ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەندی خواپێداو دەست کەوت و بووم بە خزمەتکاری ئەو ماڵە،(چنار) لە کاتی دەربڕینی هەر وشەیەك ئاخێکی هەڵدەکێشاو فرمێسك لە چاوەکانی وەکو باران دەهاتنە خوار، زۆر بەبێ تاقەتی دەگەڕایەوە سەر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی و دەیگوت: نزیکەی ساڵێك لەو ماڵە کارم کرد بەیانیان دەچوومە بازاڕ هەندێ جار لەگەڵ ژنی پیاوە دەوڵەمەندەکە کەلوپەلم

بۆ هەڵدەگرتو هەندێك جاریش خۆم بە تەنیا بۆ كڕینی كەلوپەلی چێشتلێنان دەچووم، تا رۆژێكیان بەرێكەوت (كامەران)م ناسی (كامەران) هەر لە منداڵییەوە دایك و باوكی مردبوون و لە ماڵی مامێكی دەژیا، دوای یەكتر ناسینمان بە ماوەیەك بڕیاری پێكەوەنانی ژیانی هاوسەرێتیماندا، بەڵام كاتێك ئەو باسەم لای پیاوە دەوڵەمەندەكە كردەوە نارازی بوو و گوتی: تۆ چۆن بیر لە كوڕێكی وادەكەیتەوە، من خۆم كوڕێكی باشت بۆ دەدۆزمەوە كە بە درێژایی تەمەنت پێی بحەسێیتەوە ، بەمجۆرە منی فریودا بیر لە (كامەران) نەكەمەوە، رۆژێك ژنەكەی لە ماڵ نەبوو زۆر هەوڵی لەگەڵمدا كاری نا شەرعی لەگەڵ بكەم، بەڵام من رازی نەبووم، زۆر هەوڵی داو و پێی گوتم: بەس تۆ رازی بە من هەموو شتێكت بۆ دەكەم، تەنانەت خانووشت بۆ دەگرم، دەیویست بەم قسانە فریوم بدات و ئارەزووە سێكسییەكانی خۆیم پێ دابمركێنێتەوە، بۆیە هەر ئەوكات بڕیارمدا هەرچی زووە ئەم ماڵە جێ بهێڵم و بەرەو شوێنێكی نادیار بڕۆم كەلوپەلەكانی خۆم كۆكردەوە و رووە و دەرگای حەوشەچووم بەڵام منی دیت هاتە لام و هەڕەشەی لێكردم و گوتی: گەر بڕۆیت هەر ئێستا خەبەری پۆلیس دەدەم و دەڵێم خزمەتكارەكەمان دزی لێی كردووین ، تا ماوی دەبێ لە بەندیخانە بژی، بۆیە بەناچاری گەڕامەوە، رۆژێك گوێم لە منداڵەكانی بوو پێیان دەگوت: بابە ئەی نیاز نەبوو لە پشووی هاویندا سەفەرێكمان بۆ توركیا پێ بكەیت ، ئەویش گوتی: بەڵێ وابوو ئێستاش لە قسەی خۆم پەشیمان نیم من ئەو قسەیەم زۆر پێ خۆش بوو لە دڵی خۆمدا گوتم خوا بكات بەڵكو ئەوكات دەرفەتم بۆ دەرەخسێ رادەكەم، دەستیان بە مامەڵەی سەفەركرد تا رۆژی سەفەركردنیان هات ئەو رۆژە زانیم كە ئەویان لەگەڵ ناچێت بە بیانووی ئەوەی كاری زۆرە و دەبێ كارەكانی لە كاتی خۆی تەواوبكات، بۆیە لە جیاتی خۆی برای ژنەكەی لەگەڵیان رەوانەكرد، كە ئەوەم زانی خەرك بوو لە هۆش خۆم بچم گوتم ئەو هەلەشم لەدەست چوو رۆژێك دوای سەفەركردنی خێزانەكەی، گەڕایەوە ماڵ عەلاگەیەكی بە دەستەوە بوو منیش لێم وەرگرت، چەند شووشەیەكی تێدابوو، گوتمی بیخەرە نێو سەلاجە ئەوە دەرمانە دكتۆر بۆی نووسیووم ئینجا بانگی كردم و گوتی: وەرە لای بابی خۆت دانیشتە، زۆر سەرسام بووم بە قسەكانی ئینجا كەوتە قسەی خۆش و پاڕانەوە و لێبووردن لەو كار و قسانەی كەوا پێشتركردبووی و گوتی: قسەكانم تەنیا بۆ تاقیكردنەوەی تۆ بوون من هیچ كات بیرم لە تۆ نەكردۆتەوە تەنیا بۆ ئەوە رامكرد بزانم تۆكچێكی چۆنی و ئایە بۆ ماڵی دنیا هەڵدەخەڵەتێی، چونكە ماڵی من هەمووی لە ژێر دەستی تۆدایە، منیش بڕوام بە قسەكانی كرد دووبارە پێی كەوتەوە قسەكردن و گوتی: شووشەیەكم بۆ بێنە لەو شووشانەی ئێستا هێنام منیش بۆم برد هەردوو پەرداخەكەی پڕ كرد و گوتی: دەبێ تۆش بیخۆیت، ئەمە زۆر باشە و بەهێزت دەكات، ئەو بە دوو قووم پەرداخەكەی تەواوكرد و هەوڵی لەگەڵمدا بۆ ئەوەی منیش تەواو بیخۆمەوە بەهەرحاڵ بە زۆر پێی تەواوكردم، دوای ئەوە هەستم بەسەرسووڕان كرد دنیا لەبەرچاوم زەرد بوو لە هۆش خۆم چووم ئاگام لە خۆم نەما، پاش ماوەیەك كە بەهۆش هاتمەوە چیم بینی؟ یەكڕاست كردمە هاوار و لەخۆدان و جنێودان بەو نامەردە، پێی گوتم: (چی دەكەی بیكە تازە كار لە كار ترازاوە لەمەودوا دەبێ خۆت ئەو داوایەم لێ بكەیت) دوای چەند مانگێك هەستم كرد تەندروستیم باش نییە و پاشان زانیم دووگیانم كە ئەو هەواڵەم پێمی راگەیاند زۆر تێكچوو، چەندین دەرزی و دەرمانی بۆ لەباربردنی منداڵەكە بۆ هێنام، بەڵام سوودی نەبوون بۆیە ناچار خانوویەكی سەربەخۆی بۆ گرتم بە ماڵەوەشیانی گوتبوو گەڕاومەتەوە لای خێزانەكەم، دوای نۆ مانگ منداڵەكەم بوو، بەڵام یەكڕاست هەڵیگرت و رۆیشت، تا ئێستا نازانم چی لێكردووە!! هەروەها داواشی لێكردم دەبێ دووبارە بگەڕێمەوە ماڵی ئەو و لەسەر كارەكەم بەردەوام بم، بەڵام من رازی نەبووم و، هاتمە ئەو بنكەیە، ئامادە نەبووم دووبارە لە ماڵی پیاوێكی وا نامەردكار بكەم چەندین پرسیاری دیكەم لێكرد بەڵام ماوەی زۆری نەبوو وەڵامیان بداتەوە، پرسیم بۆچی سكاڵات دژی ئەم پیاوە لە بنكەی پۆلیس تۆمارنەكرد؟

بە چاوی پڕ فرمێسك گوتی: سكاڵام دژی تۆماركرد، بەڵام بە ئاسانی بێ تاوانی خۆی نیشان داو خۆی رزگاركرد.

**بە شوودانی زۆرە ملێ بە پیاوێكی بەساڵاچوو ژیانی ئافرەتێك دەكاتە دۆزەخ**

# ــلێ و كەڵبەی پیاوێكی بێ ویژدان

# ژنێک لەگەڵ مێردەکەی پیلان لە دژی باوکی دادەڕێژن!

ئا: باوكی میدیا

(ئۆمێد) دەمێك بوو چاوی لەو خانووە دوو نهۆمییە پێنج سەد مەتریيەی خەزوورە پیرەکەی بوو، بەڵام ئەوەی تەماحی زیاتری بە بەردەدا گوڵیزار ژنەکەی بوو تەنیا دوو خوشکی هەبوو، برایان نەبوو کە دایکیان مرد، بە باوکی گوت: باوکە ئیتر ئەگەر تۆ پێت خۆش بێت من و(ئۆمێد) ی مێردم دێینە لات، ئەگەرچی (ئۆمێد) رازی نییە و دەڵێ جوان نییە وەها بچینە لای باوکت، بەڵکو بەو مەرجە دێم ئەگەر دوو ژوورم لە خانووەکەی وەك کرێچی پێبدات، ئەوسا رازی دەبم،(گولیز) ئیتر دەستیکرد بە خوێندن و چەندین رۆژ لەگەڵ پیرە بابی خەریکی قسەکردن بوو، بەخۆی دەیزانی چی دەڵێ و چی دەکات، نەخشەکە پتەو و چاك دارێژرا بوو، بۆیە باوکی هەرچی بگوتایە و هەرچی نا ڕ ە ز ا ییە کی دەربڕیبایە ئەو وەڵامێکی پوخت و دڵنیاکەرەوەی حازری هەبوو بۆی، کێشە نەبوو هەستی بکردایە کە باوکی باوەڕی پێناکات، یا گومانی لێدەکات، کێشەی نەبوو، داخۆ باوکی رازی دەبێ یان نە، ئەوان بڕیاری خۆیاندا بوو کە ئیتر هەرچۆنی بێت دەبێ باوکی رازی بکات و هەرچی مەرجیشی هەبووبێت پێی رازی بێت، هەموو هەوڵیشی بۆ ئەوەبوو دەبێ پیرە باوك بە کرێچیاتی ئەو رازی بکات، کرێییەکەی چەندیش دابنێت کێشەیان نییە، باوکی پیرە هەردووچاوی کزببوون، (گوڵیزار) پێی دەگوت: بابە قەت رازی نابم تۆ رەزیل بکەوی، رازی نابم بێ خزمەت و بێکەس بمێنی، ئەرکی سەرشانمە بەخێوت بکەم و خزمەتت بکەم و نانیشت بدەمێ، بۆ ئەوەی کە دڵنیاش بێت کە من تەنیا خزمەتکردنی تۆم مەبەستە، هەم بەخێوت دەکەم و هەمیش وەك کرێچی لەگەڵت دادەنیشم...(گوڵیزار) لە هەوڵ و کۆششی خۆی بەردەوام بوو، تا پیرە باوکی، ئەگەر بەنا دڵیش بێت رازی کرد، دوای رازیبوونی سەر زارەکی ئیشی (ئومێد) بوو ئەوجا کاری خۆی بکات.



گوڵان
ژمارە (٧٣٧)
٢٠٠٩/٦/١٥

دارشتنی نەخشەی پێشوەختە (ئومێد) دەمێك ساڵ بوو خەریکی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووبوو، شارەزاییەکی باشی لە سەوداو مامەڵەکردن و کڕین و فرۆشتنی زەوی و زار هەبوو،لە دوای مردنی خەسووشی ئیتر تەماح گرتبووی چۆن دەست بەسەر ئەو خانووە گەورە و باشەدا بگرن، بەڵام ئەو دوو کێشەی هەبوو، لەلایەك رازی کردنی خەزووری و لەلایەکیش شاردنەوەی مەسەلەکە لە دوو خوشکەکەی تری ژنەکەی، بەڵام ئەوان بڕیاریاندابوو کە کاری خۆیان هەر بکەن، چونکە حەیفە ئەو خانووە دوای مردنی خەزووری کە هەر یەك دوو رۆژێکی ماوە، بکرێتە میرات وبە تاڵان بفرۆشرێت، یان بکەوێتە دەست کەسێك کە قەدری نەزانێت، دارشتنی نەخشەکەش وەها بوو، گوایە لەسەر دەستی دوو شاهێد گرێبەستێك مۆر دەکەن کە (ئومێد) وەك کرێچی بە بڕی مانگانەیەکی دیاریکراو دوو ژوور بە کرێ لە خەزووری دەگرێ و بەم پێیەش لەلای دادەنیشێ، کەچی راستییەکەش وەها نەبوو بەڵکو مۆرکردنی گرێبەستی فرۆشتن بوو لە نێوان(ئومێد) و خەزووری، کە تیایدا تەواوی موڵکی خەزووری کە ئەو خانووەی تیایدایە دەفرۆشێتە(ئومێد) بە مەبلەغە پارەیەکی دیاریکراو، سەرەتا هەرچەندە خەزووری نارازی دەبێ لەو کارە کە پێویست بە کاغەزو نووسین و ئەو شتانە ناکات و ئەو کچی خۆی کردۆتە کرێچی خۆی و بڕواومتمانەی تەواویشی پێی هەیە و ئەو شتانە لزوم نییە، بەڵام ژن و مێرد لەبەر ئەوەی دەزانن چی دەکەن، بۆیە لەسەر قسەی خۆیان و هەوڵی خۆیان سووردەبن و پیرەمێرد رازی دەکەن کە گرێبەستەکە مۆربکات، ئەوەی دەکەنە شاهێدیش هەر دوو خوشکەکەی (گوڵیزار) دەبێت، بەڵام بێ ئەوەی هیچ کامێکیان نە ئاگای لەو مەسەلەیە هەبێت، نە گرێبەستەکەشیان مۆرکردبێت... کاتێکیان زانی کە کار لە کارترازا بوو، خانووەکە بەناوی (ئومێد) کرابوو کەسیش ئاگای لێنەبوو، چونکە هەر ئەو رۆژەی کە (ئومێد) گرێبەستەکەی بە خەزووری مۆرکرد هەر ئەو رۆژە فەرمانبەرێکی لە دادنووسی بردبوو بۆ مۆرکردنی بریکارنامەی تایبەت بۆ فرۆشتنی خانووەکەی، ئەویش بە ئاسانی مۆری کردبوو نەشیزانیبوو چی بوو، دوو سێ مانگ بەسەر مۆرکردنی گرێبەست و پاشان بەناوکردنیش دا رەتبوو، هەفتەیەك بوو خەزووری (ئومێد) نەخۆش کەوتبوو، نەخۆشییەکەی وەها کوشندەش نەبوو بەڵام ئەو پیاوە پیرە حەزی کرد هەر سێ کچەکەی کۆبکاتەوە و راسپاردەی خۆی پێیان بڵێ بە کچەکانی (گوڵیزار، زەینەب، فاتیمە)ی گوت: لەسەر میرات و ئەو شتانە نەبێتە قڕەتان، ئەگەر مردم ئەم خانووە بفرۆشن خەرجی کفن و دفنمی لێبدەن و گەردنم ئازادبکەن ، ئەویدی لەنێو خۆتاندا بەتەبایی و بەیەکسانی دابەشیبکەن و کێشەی لەسەر دروستنەکەن... ئەو لەو قسانەدابوو کە(گوڵیزار) لە دەمی دەرچوو گوتی: ئەدی بابە تۆ نەتفرۆشتە(ئومێد)؟ کە ئەو قسەیەی کرد هەردوو خوشك و پیرە باب تەماشای (گوڵیزار)یان کرد و چاویان زەق بۆوە قسەکە هاتە دەرەوە و نەگەڕایەوە، کچەکان هۆپێکیان لەخۆیان زانی، ئەو بەزمە نوێیە شاراوەیە چییە، تا ئێستا نەیانزانیبوو(زەینەب) بە باوکی خۆی گوت: بابە تۆ وا باسی ئەو خانووە دەکەی کە بەیانی خوانەخواستە ئەمری خوات کرد ماڵ و میراتی باوکایەتیمان لەسەری نەبێتە کێشەمان، چونکە بەشی هەرسێکمانی بە یەکسانی تیادایە، ئەدی ئەو قسەیەی (گوڵیزار)مانای چییە و ئەو قسەیە چییە دەیکات؟ جارێ باوکە وەڵامی نەدابووەوە کە(گوڵیزار) بە وەڵام هات وگوتی کچێ خوشکم کڕینی چی و حاڵی چی، سوعبەتێك بوو لە دەمم دەرچوو، هیچ مەبەستێکم نەبوو بەخوا، نە(ئومێد)کڕیوویەتی و نەهیچیش ،تەنیا ئەوەندە نەبێ ئێمە لەگەڵ بابە گرێبەستێکمان مۆرکردووە بۆ ئەوەی وەك کرێچی لای بابە بمێنینەوە و ئامانجیشم خزمەتکردنییەتی و بەس، ئەو قسانە، ئەو پاکانەو بەهانە هێنانەوەیە، ئەو گومانە قوڵەی کە لای (زەینەب) دروستبوو، نەیتوانی رەشبکاتەوە، هەر بۆ بەیانی دەستیکرد بە سەر و سۆراغ کردن و بەڵگە پەیداکردن، سەرەتا گوتیە (گوڵیزار)ی کوا تاپۆی ئەم خانووە؟ ئەویش گوتی: لای منە(زەینەب) گوتی: تاپۆیەکەم بدێ (گوڵیزار) تاپۆیەکی دایە دەست(زەینەب) کە هی کۆن بوو، پێش ئەوەی کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێت(زەینەب) سەیری تاپۆکەی کرد، دیتی هەر بەناوی باوکییەتی تۆزێك ئارام بۆوە بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی: بۆچی دڵنیانەبم لێی و بزانم بەڕاستی هەروایە لەسەر ناوی خۆی ماوە؟ ئەوەبوو تاپۆکەی دایە دەست پارێزەرێك بۆ ئەوەی سۆراغێکی بۆ بکات، دوای دوو رۆژ پارێزەرەکە گوتی: ئەو خانووە بەناوی کەسێکە ناوی (ئومێد)ە، کە وای گوت ئەوجا زانی (گوڵیزار)چۆنی داغ کردوون، بۆیە(فاتیمە)ی لەو مەسەلەیە ئاگادارکردەوە، هەردووکیان بەنهێنی خەریکی مەسەلەکە بوون، بۆیان دەرکەوت کە (گوڵیزار و ئومێد)ی مێردی بە ساختە ئەو کارەیان کردووە، ئەوانیش بێ راوەستان، گوتیان تا باوکمان ماوە نەمردووە چوونە بنکەی پۆلیس و شکایەتیان لە مێردەکەی (گوڵیزار) کرد.. لێکۆڵینەوە دەستی پێکردو هەردووکیان بانگ کران هەر چۆنێك بێت(ئومێد) هەوڵیدا بێ ئاگایی ژنەکەی لەو مەسەلەیە بخاتەروو، بۆیە لەبەر ئەوەی نە(زەینەب و فاتیمە) نە باوکیشیان سکاڵایان لە دژی (گوڵیزار) تۆمار نەکرد، بۆیە تەنیا(ئومێدی)ی مێردی بەندکرا، نزیکەی مانگێك زیاتر لێکۆڵینەوە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی ساختەکارییەکە بە تەواوەتی ساغ بۆوە، کرداری کڕین و فرۆشتنەکەشی هەڵوەشایەوە و دادگا هەموو هەڵسووکەوتێکی (ئومێد)ی لەسەر ئەو خانووە راگرت و هەرچیشی کردبوو هەمووی پووچەڵ کرد و بڕیاریدا کەوا خانووەکە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنە شەرعی و یاساییەکەی خۆی کە باوکی (گوڵیزار)ە، ئینجا ئەگەرچی (ئومێد) ئەو کەتنەشی کردبوو بەڵام خەزووری و خوشکەکانی ژنی لێی خۆش بوون و داواکەیان لەسەر کێشایەوە، بەڵام دادگا لەسەر مافی گشتی بە(٣) ساڵ زیندانی حوکمی دا.

**ئەگەرچی(ئومێد) ئەو کەتنەشی کردبوو کەچی خەزوور و خوشکەکانی ژنی لێی خۆشبوون و داواکەیان لەسەر کێشایەوە، بەڵام دادگاو بە(٣) ساڵ زیندانی حوکمی دا**



مرۆڤ خاوەنی ئومێدو خەونێکی گەورەیە لەدوای پێگەوە نانی ژیانی هاوسەری لە بەدیهێنانی ژیانێکی بەختەوەر، بە تایبەتی لە بوون بە خاوەنی منداڵ و بە دەستهێنانی دایکایەتی و باوکایەتی، منداڵ بوون بە هەموو قوورسایی و ناخۆشییەك و تراژیدیایەك خۆشی خۆی هەیە و پێداویستییەکی گەورەی مرۆڤە، بەڵام ئەمە بە هۆی بارودۆخەکەی ئەمڕۆی کۆمەڵایەتی و ئابووری و شێوازی بیر کردنەوەی کەسەکانەوە وایانکردووە، بەدەستهێنانی ئەم ئومێدە لە بوون بە خاوەنی منداڵ لەسەرەتای پرۆسەی هاوسەر گیرییەوە دواخرێت، ئەمڕۆ زۆربەی ئافرەت و پیاو بە تایبەتی لە شارە گەورەکاندا مەسەلەی منداڵ بوون دوابخەن، ئەمەش لە ژێر دەیان پاساوی جۆراوجۆرەوە..

بەمەش کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێنرێت، کە ئایا دایکان بۆچی منداڵ بوون دوادەخەن ؟ ئەو ئاستەنگ و گرفتانە چین کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی منداڵ بوون؟

# دواخستنی منداڵبوون بۆچی

ئا: ئەوین بەکر




گوڵان
ژمارە (٧٣٧)
٢٠٠٩/٦/١٥



**ئەو کاتەی بەشیمانی دادی کەس نادات**

خاتوو سەرگوڵ لە تەمەنی بیستساڵیدا بوو کاتێك پرۆسەی هاوسەرگیری پێکهێنا، ئەو دەم بە هۆی سەفەرکردنی لەگەڵ مێردەکەیدا بۆ وڵاتی سوریاو سەرقاڵییان لە کاری رۆژانەی ژیان و بە پاساوی خۆ پێگەیاندن منداڵ بوونیان دواخست، هاوسەرەکەم بەبەردەوام سەرقاڵی کاری بازرگانی بوو، کاتێك ویستمان منداڵ مان بێت ئەو ئومێدو هیوایەمان نەهاتە دی، ئەوەتا دکتۆرو شێخ و شار نەما سەردانی نەکەین کەچی منداڵمان نابێت، ئێستاکە لە خانوویەکی گەورەدام و هەست بە تەنیایی دەکەم، ماڵی بێ منداڵ لە بیابان و تەنیایی زیاتر هیچی تر نییە، تووشی حاڵەتێکی دەروونی ناخۆش بووم، تەنانەت ژووری تایبەتیشم بۆ ئەو منداڵە دروست کردووە کە هێشتا لە دایك نەبووە، رۆژانە سەیری منداڵەکانی گەڕەك دەکەم و کاتێك بۆ ماڵەوە دێمەوە تێر تێر دەگریم، ئێستا پەشیمانم خۆزگە منداڵبوونم دوانەخستایە.

*** سێوێکی شیرین**



زیبا

هەبوونی منداڵ بەرهەمی هەموو زەواجێکە لەدوای ژیانی هاوسەرگیرییەوە، لەراستیدا منداڵ وەکوسێوێکی شیرینی ژیان دەبینرێت، خۆم یەکێکم لەوانەی حەز بەزیاد لەرێژەی (١-٢)منداڵ ئەکەم برواناکەم کەسێ هەبێ هەست بەخۆشی هەبوونی منداڵ نەکات، بەڵام هەبوونی منداڵیش پێویستی بەکاتێکی گونجاو هەیە کاتێ کە تێگەیشتن و گونجان لای هاوسەران روون بوویەوە ئەو کاتە دەبێ بیرلەهەبوونی منداڵ بکەینەوە بەڵام پێم وایە بوونی رێژەی منداڵ لەئاستێکی دیاریکراو بەپەروەردەیەکی باشتر دێتە بەرهەم..

*** هۆکارەکان**

بەش بەحاڵی خۆم ئەم دواخستنە بۆ چەند لایەنێك دەگەڕێنمەوە لەوانە: بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری خێزان



ئەژین

کەوا ئافرەتانمان هۆشیارترن وەك لەرابردوو لەئێستادا زیاترگرنگی بەپێداویستییەکانی



# دەگەڕێتەوە ؟

منداڵ دەدەن هەرلەبژێوی ژیان وخستنە بەرخوێندنیان ودابین کردنی کەشێکی ئارام بۆیان و، نەبوونی کات بۆ بەخێوکردنی منداڵ، چونکە زۆربەی زۆری ئەو ئافرەتانەی رێگرن لەبەردەم دواخستنی منداڵ ئافرەتانی دەرەوەن و فەرمانبەرو مامۆستان..هەروەها کێشەی نیشتە جێبوون وەك هەمووان دەزانین حکومەتی هەرێم کاری بۆنیشتەجێبوون کەمکردووە، بەڵام هێشتا بەرادەی پێویست نییە، چونکە هاوسەر هەبووە شوێنی خۆیان نەبووە چ جارێ بیرلەدروستکردنی منداڵ بکەنەوە و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی لەرۆژگاری ئەومرۆماندابەراستی رێگرە لەبەردەم دابین کردنی پێداویستییەکان و بڕیاری دواخستنی منداڵ یەکێ لەهۆکارەکانی تر لەرابردوودا تایبەت ئەوانەی لەلادێکان دەگوزەران بەپێی کاری رۆژانەیان بیریان لەزۆرهێنانە کایەی منداڵ ئەکردەوە، پیاوەکانیان زیاتر لەدووژنیان هێناوەو بۆزیاترپێویستبوونی کاری رۆژانەیان و زیاتر بوونی نەوەکانیان لەئاییندەدا

*** ژیانی منداڵ حەقێکە بەسەر دایك و باوك**

هێنانە کایەی منداڵ خەونی هەموو دایك و باوکێکە دوای پێکهێنانی هاوسەرگیری، کەئاوتە خوازە منداڵی هەبێت و هەوڵ




دەدەن لەمنداڵێ زیاتریان هەبێت چ بەهۆی ئارەزووی کەسایەتیان بێت یاهۆکاری تری کۆمەڵایەتی بێت، جائەمە لەرۆژگارێکی دوور لەئێستادا هەوڵئەدرا رێژەی منداڵ بەرزبێت، بەڵام ئەمڕۆکە بیرکردنەوەی دایك و باوك گۆڕانی بەسەرداهاتوو نایانەوێت لەمنداڵێك و دوومنداڵ زیاتریان هەبێت بەرێژەیەکی سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆئەوموچە کەمەی فەرمانبەران ومامۆستایان کەوابەشی خەرجییەکان و پێداویستییەکانی ماڵ ومنداڵ ناکات لەرووی خوێندن وجلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون ئەمانە هەمووی دەبێتە کێشەنانەوە لەنێوخێزان و تێکچونی باری دەروونی ئەومنداڵەو بەشێوەیەکی باش پەروەردەنەکردنی لەئەنجام ئەوکەسایەتییە دروست نابێ کەواکۆمەڵگە چاوەڕێی دەکات لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنی منداڵیش داواکارییەکان لەگەڵی زیادەبن، کەوائەم پێداویستییانە لەلایەن هاورێکەی یاخود دراوسێکانی یاهاوپۆلەکەی ئەبینرێت لەگەڵ دابین نەکردنی ئەم پێداویستیانە بۆی ئەوائەم منداڵە تووشی بیرکردنەوەو دەرەنجامێکی ئاڵۆزوخراپ دەبێت، کەوارەنگە نەخۆشییە دەروونییەکان لەلایەن کەسایەتی ئەم منداڵەوە سەرهەڵبدات، بۆیە داوالەدایکان ئەکەم گەرئامادەی دروستکردنی ئەوژینگە لەبارەو دابینکردنی پێداویستییەکانیان نەبوون بارێژەی لەدایکبوونی منداڵان بەرزنەکەنەوە بۆئەوەی خێزانێکی تەندروست بێتەکایەوە، چونکە منداڵ گوڵی ماڵ و ئارامگەی باخچەی دڵی دایکان و باوکانە و منداڵ حەقی بەسەردایك و باوکانەوە هەیە چ لەرووی ئایینی کۆمەڵایەتی رەوشتی دەبێ باشترین ژینگەی بۆ برەخسێنرێت و بۆبنیادنانی کۆمەڵگایەکی بەهێزیش..

***لەبەرژوەندی هەردوولایەنە**

هەڵبەت هاوسەرگیری پرۆسەیەکی




پیرۆزە لەنێولەم پرۆسەیەشدا رێزگرتن و خۆشەویستی و بەهای کەسایەتی ئەم دوورەگەزە ئاوێتەی یەکتردەبن، بەرهەمی ئەم دوورەگەزەش خستنەرووی منداڵە، منداڵیش جۆرە خۆشەویستییەکی تردروست

**من ئاشنام بەئاکام و گرفتی ئەم دیاردەیە و زۆریش گرنگە لەوروژاندن وراڤەکردنی بابەتەکاندا پشت بەسەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو ببەستین**

دەکات لەنێوان دایك و باوك، چاودێریکردن و پەروەردەکردنی منداڵ دەکەوێتە ئەستۆی دایك و باوك، ئەمەش ئەرکێکی قورسە بەتایبەتی بۆ دایك و باوکی فەرمانبەر، چونکە منداڵ بەدرێژایی رۆژ لەسۆزی دایك و باوك بێبەش دەبێ لەبەرئەوە من وەکو ئافرەتێکی فەرمانبەر لەسەربریاری خۆم و زیاتری پیاوەکەم بڕیاری دواخستنی منداڵی دووەممان داوە و دوایی بخەین، ئەمەش لەبەرژەوەندی هەردوولامانەو ژیانمان ئاستەنگی ئەوەندە پێوە دیارنابێت.

***دەبێ پێش وەخت بڕیاربدرێت**

بەبیروبۆچوونی من سەبارەت بەبڕیاری




دواخستنی منداڵبوون ئەبێ بەرلە پرۆسەی هاوسەرگیریبوون ئەم کێشەیە یەك لاکرابێتەوەو بڕیاری لەسەردرابێت، چونکە دواتردەبێتە هۆی کێشە دروستبوون و دەکەوێتە سەر رادەی هۆشیاری رەگەزەکانیشەوە تاچەند بڕیاری دواخستنیان دەچێتە قاڵبی بەرژەوەندی یەکترەوە و کاروپیشەی ئافرەتەکەو پیاوەکەش کاردانەوەی بەسەرئەم بریارە دەبێت لەئێستاشدائەم بڕیارە زۆرجێبەجێدەکرێت لەلایەن هاوسەرانەوە بەهۆی بەرزبونەوەی رادەی خوێندن و هۆشیاری تاکەکانی کۆمەلگەو سەختی بژێوی ئابووری.

**ئەم دواخستنە بۆ چەند لایەنێک دەگەڕێنمەوە لەوانە: بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری خێزان کەوا ئافرەتانمان هۆشیارترن وەک لەرابردوو لەئێستادا زیاترگرنگی بەپێداویستییەکانی منداڵ دەدەن**

***خۆشەویستی من و پیاوەکەمی فراوانترکرد**




جگە لەوەی کۆمەڵی هۆکارهەن لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکانن واتە کێشەیەك نییە لەنێو ماڵەکەیاندا کە چارەسەری گونجاویان بۆدەسەبەربکات، لەگەڵ ئەوەی بەتێپەڕبوونی کاتێکی زۆر ئەم هۆکارانە چارەسەر دەبێ، ئەویش کاتێکە کەوازۆردرەنگ دەبێ، بەڵام یەکێ لەورێگرە باوەی ئەمرۆ لەژیانی تەواوی ئەم هاوسەرانە بەدی دەکرێت کەبریاری دواخستنی منداڵبوون دەدەن کێشەی سەرقاڵی خوێندن و چونەدەرەوەی ئافرەتان و پیاوەکانە بەهۆی دەوامکردنیان، کەجگە لەخوێندن ئیشێکی دیکەیان بەدەستەوە نی یە بۆبەڕێوەبردنی رەوشی خێزانداری لەگەڵ ئەوەی من وهاوسەرەکەم بریارماندابوو منداڵبوون دوابخەین، بەڵام لەدایکبوونی منداڵەکەمان هێندەی تر خۆشەویستی نێوان من و پیاوەکەمی فراوانتر کرد.

***بابەتێکی زیندووگەرم و گورە**

من ئاشنام بەئاکام و گرفتی ئەم دیاردەیە و زۆریش گرنگە لەوروژاندن وراڤەکردنی بابەتەکاندا پشت بەسەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراوببەستین ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگەی دانیمارك و ئەسکەندینافیا




بابەتێکی زیندووگەرم وگوری نێو لاپەرەی میدیاکان و توێژەران بوو، دانیمارك ١٥ساڵ بوو ژمارەی دانیشتووانی لە٥ملیۆن تێپەڕی نەئەکرد، گەرچی توێژی پیران لەبەرزبوونەوەدابوو بەپێی چەندان سەرچاوەی توێژینەوەی زانستی و لێکۆلینەوەی بیرمەندان ئاکامی کەم منداڵبوون دەگەڕێننەوە بۆخەونی تاك بۆگەیشتن بەپلەی بەرزی زانستی لەژیان و دابینکردنی کاروخۆشگوزەرانی و قورسی باری ژیان و نەبوونی کات و بواری ئابووری و ناسەقامگیری ژیانی خێزانداری و پێکەوەیی لەکۆمەڵگای تاك سالاری رۆژئاوابەگشتی و ئەسکەندینافیا بەتایبەتی و فشاری بازاڕی کارکردن کەزۆرجارئافرەت بەهۆی سك پربوون و پرۆسەی منداڵبوون دوردەکەوێتەوە لە کارکردن کەبەسەختی دەتوانێ بگەرێتەوە سەرکارەکەی ..

*** هاوسەرگیری و پیکهێنانی خێزان زۆر جار پاڵنەرەکەی وەچە خستنەوەیە**

بەتایبەتی لەکۆمەلکای باوکسالاری وەك کۆمەلکای ئێمە بۆئەوەی چەندمنداڵێك




بخەنە بەر زیاتریش ئەم بریارە لای پیاوانە، کاتێك ئافرەت بڕیاری شوکردن دەدات بەهەموو شێوازی هەوڵی رازیکردنی پیاوەکەی دەدات بەخستنەڕووی منداڵ، بەڵام دەزانێ ناتوانێ ئەم بەرپرسیاریەتییە هەڵبگرێت فەرمانبەرە یا پڕ کار دەبێت یا توشی نەخۆشییەك دەبێت یاقوتابی دەبێت یاهەرهۆکاریکی تر بڕیاری دواخستنی منداڵ دەدات، بەڵام ئەم دواخستنەش زۆرجاران لەئیرادەی خۆی نی یە و هاوسەرەکەی ریگای پێنادات دوای بخات، ئەمەش لەرووی دەرونییەوە کاردانەوەی نێگەتیفی دەبێت بەسەر باری ئافرەتەکە چ لەرووی دواخستنەوە یا لەرووی دوانەخستنەوە گەر دوای بخات لەوانەیە هەست بەگوناە و خواردنەوەی خودبکات، لەهەمان کاتیشدا گەردواشی نەخات ناگونجێت لەگەڵ کاروپیشەوخوێندنیدا لێرەشەوە چەندەهاگیروگرفت سەرهەڵدەدەن هەم لەناخی ئافرەتەکە هەم لەنێوان هاوسەرایەتیان بەردەوام بیرکردنەوەشی کەوا سەرەنجام خێزانێکی تەندروست دروست نابیت ..

بەرزبونەوەی ئاستی رۆشنبیری ئافرەت و بەژداریکردنی لەپرۆسەی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و بنیادنانی وڵاتی خۆی، بەراستی ئەوان تێگەیشتن کەواکاری ئافرەت تەنیامنداڵ بەخێوکردن نییە و کاری ئافرەت لەماڵ کەمترنی یە وەك لەدەرەوە، وەکو هاوڵاتییەکیش کاری خۆی جێبەجێدەکات نەك وەکو مێیەك بۆ وەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی، بەڵام کۆمەڵێ بەربەست هەنە کورێگرن لەبەردەم کاروپیشەی ئافرەتان لەدەرەوەی حەزی خۆی ئەویش کارکردنی ئافرەت لەماڵ و خستنە کایەیەی منداڵە لەچوارچێوەی خێزانداریدا، ئەمەش رێگرە لەبەردەم بریاری دواخستنی منداڵبوون لەلایەن ئافرەتانەوە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی زیاتر فراوانبوونی بوارەکانی کارکردن و خوێندن و تاڕادەیەك هۆشیاری کۆمەلگەو لێحاڵیبوونی ژیانی هاوسەرگیری کارکردنی هاوسەران لەدەرەوەی ماڵەکان تاڕادەیەکی باش منداڵبوون دواخراوە ..